# حکومەتی کاتی و دەوڵەتی سەپێنراو لەلایەن ئەمریکاوە شەرعیەتی نییەو دەبێت رەتبکرێتەوە!

ئەمرۆ لە بەغداد دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دەولەتی عیراقی راگەینرا وەك زمینە سازیەك بۆ شانۆی گواستنەوەی دەسەلات لە 30 حوزەیراندا. ئەم هەنگاوە جیاوازیەکی نییە لە هەولەکانی پێشووتریان بۆ راگەیاندنی ئەنجوومەنی حوکم، بە مەبەستی داپۆشینی شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکاو شەرعیەتدا بە دەسەلآتی سەپینراو بریارە سیاسیەکانی لە عیراقدا، بە دور لە ئیرادەی جەماوەر. ئەم حکومەت‌و دەولەتە کە لەسەر بنەمای تائیفی‌و قەومی‌و دوور لەهەر دەخالەت‌و ئیرادەیەکی سیاسی جەماوەر پیکهاتوە، چارەنووسی ئەم دامەزراوە لەسەرەوەوداسەپێنراوو ناکۆکە لەگەل بەرژەوەندیەکانی خەلکدا بیجگە لە فەشەل‌و هەلوەشاندنەوە شتێکی تر نابیت.

بێگومان بینا کردنەوەی دەولەت پیویستیەکی دەستبەجێ‌وچارەنوس سازە بۆ چارەسەری کیشەکانی ئیستا و دابین کردنی پیداویستیە بنەرەتیەکان وەکو زامن کردنی ئاسایش و ئازادی و گوزەرانی جەماوەرو کۆتایهینان بە هەلومەرجی کارەستبای ئیستاو گیرانەوە ژیانی مەدەنی، بەلام ئامانج لەم بەدیلە راگەیەنراوە وەلامدانەوە بەم پیداویستی و داخوازیانە نییە، بەلکو بەلەبەرچاوگرتنی "یاسای ئیدارەی عیراق" کە پیشتر رایانگەیاندوە، هەروەها بە شیوازیك کە بۆ دامەزراندنەکەی پیرەویان کردوە، دەردەکەویت کە ئەمە هەولیکە بۆ وەلام دانەوە بە بەرژەوەندی و ئامانجە کانی ئەمریکا و هیزە قەومی دینیەکانی هاوکاری کە راستەوخۆ دەکەویتە بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی خەلك‌و کارەساتی ئیستا قوول تر دەکاتەوە. گورینی ناوەکان و رەمزەکان وگواستنەوەی مەسەلەکانی دەسەلاتی ناوخۆ بە بی مانا ترین شیوە بۆ دامەزراوەی بێناوەرۆك و شکلی ناتوانیت چارەسەری کیشەی عیراق بکات و بەربگریت لەو کیشمەکیشە تیرۆریستیەی کە بە هۆی مانەوەی هیزەکانی ئەمریکاوە بالی کیشاوە. بەلکو کۆمەلگا دەخاتە بەردەم دەورەیەکی تر تەقینەوەی کیشمەکیشمی تیرۆریستی نیوان هیزەکانی ئیسلامی سیاسی و سوپا دەخالەتگەرەکانی ترین. دانانی کۆمەلیك عیراقی لەسەر کورسی حکومەتیك کە وەك داردەستی ئەمریکا کاردەکات، هیچ شتیك لە سروشتی داگیرکاری سوپای ئەمریکی ناگۆرێ کە بە فەرمانی دەولەتەکەی دەجولیتەوە و بەهرەمەندە لە حصانەی سیاسی بەرامبەر هەموو دەزگا سیاسی و ئیداریەکانی عیراق. هەروەها ئەمە هیچ شتیك ناگەینیت بیجگە لەبەردەوام بونی کیشمە کیشی کۆنەپەرستانە و خویناوی نیوان تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و کە بونی هیزەکانی ئەمریکای کردوە بە بەهانەی خۆی، لەگەل

تیرۆریزمی دەولەتی ئەمریکا کە بە بەهانە شەر دژی تیرۆریزمی ئیسلامی دەیەوێ هیزە سەربازیەکانی بهیلیتەوە بۆ دەستگرتن بەسەر چارەنوسی خەلکی عیراق و ناوچەکەدا.

ئەم حکومەت و دەولەتە داسەپینراوە لەلایەن ئەمریکاوەو بە پشتیوانی نەتەوە یەکگرتوەکان کە هیچ نسئولیەتیکی لە ئەستۆ نەگرت بیجگە لە دەوری پاشکۆیەتی زەلیلانە بۆ نەخشەکانی ئەمریکا، دامەزراوەی قەومی و دینیو لەسەر بنەمای دابەش کردنی تائفی و قەومی دامەزراون. ئەمەش وادەکات کە نەتوانن نەك تەنیا خواست و ئارەزووە ئازادیخوازەکانی جەماوەر جیبەجی بکەن، بەلکو تەنانەت توانای دابین کردنی ئاسایش و دورخستنەوەی کۆمەلگایان نابیت لە تارمایی کیشمەکیش و شەرو کوشتاری ناوخۆی نیوان تاقمە دینیو قەومیە جیاوازەکان.

ئەم حکومەت و دەولەتە دابەش کردنە تائفیەکان بەکار دەهینن و دەیکەنە ناوەرۆکی پیناسەی دەولەتو دەرکەوتنی وەك بەرئەنجامی ئاگربەسیك لە نیوان تاقمە مەزهەبی و قەومیەکان . جیاوازیەکان و ناکۆکیو کیشمەکیشە سیاسیو چەکداریەکانی نیوان ئەم هیزانە دەبیتە ئەلگۆیەکی زەق بۆ دوارۆژی سیاسی عیراق لەژیر سایەی ئەم حکومەت و دەولەتە. ئەمانە دەولەت و حکومەتی سیناریوی رەشن . دابەش کردنی وەزارەتەکان و پایەکانی دەسەلات لەنیوان نوینەرانی تاقمە مەزهەبی و قەومیەکاندا، دەبیتە ریگر لەبەردەم دامەزراندنی دەولەتیکی شارستانی کە نوینەرایەتی هاولاتیانی بکات و بەرپرس بیت لە دابین کردنی ماف و داخوازیەکانیان وەك هاولاتی. ئەم دەستبەندی کردنە پال بە کیشمە کیشەکانەوە دەنیت بۆ نیو روبەروبونەوەی تائفی و قەومی، کە بەوە دەچیت ئەمریکا و هاوپەیمانانیشی هەر ئەمەیان بویت.

پێکهاتەی مەزهەبی و قەومی ئەم دامزاوە کارتۆنیە تازەیە دەبیتە پرۆژەیەك بۆ تەقاندنەوەی بارودۆخەکە ریك هەر لوە کاتەدا گوایە صلاحیەتی سیاسی و سەرۆکایەتیان بۆ دەگوازریتەوەو دەسەلاتو سەروەتیان دەکەویتە دەست. ئەمەش جەماوەر دەخاتە نیوان دوو بریارەوە: یان قبوول کردنی تەشکیلەی حکومەت و دەولەت و هیشتنەوەی بریاری سیاسی و زۆرینەی دەسەلاتی ئەمنی و سیاسی گرنگ بەدەستی ئەمریکا و سەفارەت و هیزەکانی، یان بەرەورووبون لەگەل دامەزراوەکانی دەسەلات و تیکەلاوبوون لەگەل ئەم دەسەلاتەو ئاکامەکانی لە مەترسی هەلگیرسانی شەرو کیشەی چەکدارانە لە نیوان تاقمە قەومی مەزهەبیەکان. جەماوەر لە ژیر سایەی ئەم دەولەت و حکومەتەدا لەبەردەم دووبریاردایە ، یان تەنازل کردن لە ئیرادەی سیاسی خۆی بۆ ئەم دامەزراوە کارتونیانە کە ئەمریکا بە پیی ئیرادەی خۆی هەلیدەیسورینیت، کە ئەمەش مایەی بەرداوام بونی هەلومەرجی ئیستایە، یان رووبەرووبون لەگەل نەبونی هیچ دەسەلاتو دەولەتیك و پەرەسەندنی فەوزاو قول بونەوەی سیناریوی رەش.

بریاری سیەمی جەماوەر ناتوانی شتیکی تربیت جگە لە رەتکردنەوەی تەواوو لە بنرەتەوەی ئەم بەدیلەو هەموو ئەو پرۆژانەی دەیانەویت بیبەریان بکەن لەوەگەرخستنی ئیرادەی سیاسی خۆیانو

هەموو داخوازی و ئاواتەکانیان لە ئازادی و ژیانیکی شایستەو خۆش گوزەران. حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق ، لەسەر ئەم بناغەیە رایدەگەینیت کەئەم حکومەت و دەولەتە دامەزراوە رەت دەکاتەوەو هیچ شەرعیەتیکیان نییە. وە خەبات دەکات بە هەموو توانایەوە بۆ پوچەل کردنەوەی هەموو ئەو مەبەستو پرۆژە نهینیانەی کەلە پشتیەوەیە.

عیراقیکی ئازاد و ئاسایش لە گرەوی پیکهاتنی حکومەتیکدایە لە نوینەرانی خەلك. لە ئیستادا دەکریت ئەمە لە کۆنگرەیەکی بەرفراوانی پیکهاتە لە نوینەرانی هەموو هیزو حزبە سیاسی و ریکخراوە جەماوەریەکانەوە پیك بهینریت، لەریگای ناچار کردنی هیزەکانی ئەمریکا بۆ چونەدەرەوە لە عیراقو بەریوەچونی پرۆسەیەك بە سەرپەرشتی ریکخراوە نیو دەولەتیەکان و هیزە فرە رەگەزەکان بیجگە لە ئەمریکاو هاوپەیمانانی، بۆ دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراق بە جۆریك کە زەمانەتی ئازادیە سیاسیەکان بکریت و ریگا بە جەماوەر بدریت بە ئازادی تەعبیر لە ئیرادەی خۆی بکات بۆ بریاردان لەسەر سیستەمی حوکمرانی.

بانگەوازی جەماوەر دەکەین بۆ رەتکردنەوەی ئەم حکومەتەو ناشەرعیەو تیکۆشان بۆ پوچەل کردنەوەی ئەم هەنگاوەو هەموو ئەو نەخشانەی کە دەورو دەخالەتی خەلك پیشیل دەکەن. هەروەها بەریخستنی خەباتیکی سەراسەریو یەکپارچەو ریکخراو لە پیناو دامەزراندنی حکومەتیکی عیلمانی و غەیرە قەومی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەلك، کە وەلامدەرەوەی خواستەکانی خەلكو گرفتە دەستبەجیکانی کۆمەلگابیت. هاوکات بانگەوازی ئازادیخوازانی جیهانو بەشەریەتی متەمەدن دەکەین پشتیوانی لە جەماوەری خەلکی عیراقو خەباتیان بکەن لە پیناو چونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق و زەمانەتی وەگەر خستنی ئیرادەی ئازادانەیان بۆ دامەزراندنی حکومەتیکی پشتبەستوو بە ئیرادەی جەماوەر.

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**

2004-6-1